

**بەشداربوونی کۆمپانیای "بی پلان" لە پێشانگای دارایی و ژمێریارییدا**

ل ٥



**مەزهەری خالقی، شۆڕشێکی بەردەوام لە هونەری گۆرانیی کوردیدا لێشاوێک سۆز و خۆشەویستیی ناخێکی بێگەرد**

ل ١٦



**چەمچەماڵ چوارەمین فێستیڤاڵی فۆلکلۆری گەرمیانی لە ئامێز گرت**

ل ٣١



**گوڵەوەچنییەک لە تێڕامانەکانی ئەکرەم عەلی**

ل ٥٢

ئەم ماڵئاواییە لە پەیام و لە ئێوە، دواماڵئاواییمان نابێت و ئەگەر ڕۆژگار، توانا و دەستئاوەڵایی یارانی دەنگە ڕەسەنەکانی نووسین و ئەدەبیاتی کوردی هاریکار و پەنامان بن، بە هیوای ئەوەین، لە داهاتوویەکی نزیکدا، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لەگەڵ پەیامێکی نوێتردا بە یەکتر بگەینەوە.

بە هیوای دیدارتان

**دەستەی نووسەران**

ل٢-٣


# Peyam
# پەیام


**باس و لێکۆڵینەوە:**

**توندوتیژیی دژی ژن لە کوردستانی عیراقدا**

**نەزمند بەگیخانی**

ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٠ی نیسانی ٢٠٠١ لە زانکۆی لەندەن، بەشی دیراساتی ئەفریقایی و ڕۆژهەڵاتی، مێزگردێک لە لایەن وەزارەتی کاروباری ئاوەدانیی نێودەوڵەتیی (DFID) بەریتانیاوە سازکرا کە تایبەت بوو بە باس و لێکۆڵینەوە دەربارەی توندوتیژی دژی ژن لە کوردستانی عیراقدا. بزووتنەوەی ژنانی کورد دژی توندوتیژی و ژنکوشتن لە کوردستاندا داوەت کرابوو و ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرجەم گفتۆگۆکەدا بینی.

ل ٣٢


ژمارە ٣٣-٣٤ ڕەزبەر و گەڵاڕێزان ٢٧٠١ی کوردی

بنکەی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ڕەسەن

Issue: 33 - 34 October - November 2001


# قازی محەمەد:

## "ڕێکەوتین لەگەڵ دەوڵەتی ئێران تا وڵاتی خۆی بگرێتەوە، بەڵام مهاباد بۆ ئێمە چۆڵ بێت و معاش و ئازوخەی (٣٠٠) پێشمەرگەمان بداتێ."

لەوەتەی کۆماری کوردستان لە مهاباد بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد دامەزراوە، ئەگەرچی کۆمار هێندەی نەبردووە هەرەسی هێناوە، بەڵام بەردەوام وتار و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لەسەر نووسراوە، بە تایبەت لەسەر لایەنە پرشنگدارەکانی کۆمار و مەزنیی قازی..

خوێنەرانی بەڕێز ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە* وەڵامی چەند پرسیارێکی پەیامنێری پەیامە لە یەکێک لەو کەسایەتییانەی ئەو کات لە نزیکەوە بەشدار و ئاگاداری ئەو ڕۆژە مێژووییانە بووە کە ئەویش حەمە ساڵح بەگی حەمە ڕەشید خانی بانەیە کە خۆی وەکوو حیمایەیەک لەگەڵ حەمە ڕەشید خاندا بووە و ئاگاداری زۆرێک لە بڕیار و وتووێژەکان بووە..

جێگای سەرنجە ئەم بەڕێزە فریووخواردنی قازی بە دەوڵەتی ئەوسای ئێران بە هۆیەکی کاریگەری شکستخواردنی کۆمار دەزانێت!

پەیامنێری پەیام - باشووری کوردستان



حەمە ساڵح بەگی
حەمە ڕەشید خان

پاش گرتنی سەرا لە لایەن محەمەد ڕەشید خانەوە، ژەنراڵ حەمە حسەین خانی سەیفی قازی کە سەرۆکی کومیسونی نیزامی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو دێت بۆ لای محەمەد ڕەشید خان - کە فەرماندەی جەبهەی سەقز و بۆکان بوو و خاوەن هێزێکی تایبەتی بوو - بە نوێنەرایەتیی قازی محەمەد، بەڵام خان گلەیی لە قازی محەمەد کرد و وتی: سێ مانگە من هاتووم قازی کەسێکی نەنارد بۆ بەخێرهاتن." و تەوەجوهێکی (پێشوازی) وایشی بە سەیفی قازی نەکرد، بەڵام سەیف لە هاتنیدا دەستی خانی ماچ کرد، لە وەڵامی گلەییەکەی خاندا سەیفی قازی وتی: "جەنابی خان گلەیی لە قازی مەکە چونکە دەزانێت بە جبەیەکەوە ئەو وەزعە بۆ ئەو نابێت، ئەگەر سەر بگرێت، یان بۆ تۆ دەبێت یان بۆ مەلا مستەفا، جا ئێوە بە دڵییەوە مەگرن، بە ڕجا ڕجات لێ دەکەم." پاشان ڕۆیشت و دوای دوو ڕۆژ بە زەخیرەیەکی زۆرەوە هاتەوە بۆ لای خان.

مەلا مستەفا هات بۆ سەرا بۆ لای خان و گلەیی لە وەزعی نالەباری خۆیان کرد، کە چەند کەسێکیان لە برساندا مردووە، هەروەها باسی تەزیقیی وەزعی خۆشیانی لە مهاباد کرد کە زۆر بێ وەزع و ناڕەحەتن.

خان وتی: "جەنابی بارزانی ئەو زابتانەی لەگەڵتن بیاننێرە لای من، بەڵام بە شەرتێ لەژێر فەرمانی مندا بن، هەریەک بە قوەتێکەوە." بارزانی زۆری پێ خۆش بوو.

جێگای خۆیەتی بڵێم هەر لەو ماوەیەدا رزم آرا کە ڕەئیس ستادی ئەرتەشی ئێران بوو و سەرپەرشتیی لەشکری کوردستانی دەکرد (٣) جار هاتە

ل٤

# چیرۆکێکی بڵاوکراوە لە (پەیام)دا دەکرێت بە فیلمێکی فەرەنسایی



**لەڕاستەوە:** بۆریس مالاویان، کارینا و هونەر سەلیم

سەردار حەمەڕەش

سێیەم بەرهەمی سینەمایی هونەرمەند «هونەر سالم» بە ناوی (Absolitude)ەوە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ دەکەوێتە سەر پەردەی شاشەی سینەما و تەلەفزیۆنی فەرەنساوە، پاشان بۆ کۆمیسیۆنی فێستیڤاڵی بەرلین پێشنیار دەکرێت.

ئەم فیلمە بە یارمەتیی دارایی کەناڵی تەلەفزیۆنی «Art» کە کەناڵێکی کولتووریی هاوبەشی فەرەنسا و ئەڵمانیایە بەرهەم هێنراوە.

شوێنی دەرکردنی فیلمەکەش پاریس و چەند شارێکی خوارووی فەرەنسایە.

فیلمەکە بە زمانی فەرەنساییە و بە شێوەیەکی گشتی باسی تەنیایی مرۆڤ، تەنیاییەکەی ناخی بەشەر خۆی، دەکات.

ئەکتەرەکان پێکهاتوون لە چەندان ئەکتەری فەرەنسایی و کورد و ئەڵمانیایی، یەکێک لە ئەکتەرە کوردەکان "کەمال حەمەڕەش"ە و کوردی باشووری کوردستانە، کە ئەمە

ل٤

# کۆچی دوایی مامۆستا کەریمی حسامی

مامۆستا کەریمی حسامی، یەکێک لە ناودارترین سیاسەتمەدارانی کورد و نووسەر و وەرگێڕی ناسراوی کورد، دوای ماوەیەک نەخۆشی و لە ژێر چاودێریدا مانەوە، لە ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٦دا، لە ستۆکهۆڵم؛ پایتەختی سوید، کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا کەریمی حسامی، بێجگە لەوەی کە لە نیوەی دووەمی چەرخی بیستەمدا ڕۆڵێکی گرنگی لە داڕشتنی سیاسەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا ـ بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی کوردستان ـ هەبوو، یەکێکیش بوو لە نووسەر و وەرگێڕە ناسراوەکانی کورد و چەندان کتێبی نووسیون و بۆ کوردی وەرگێڕاون و پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردوون.

لەگەڵ دەستپێک و پاشان بەردەوامیی (پەیام)یشدا و تا دواساتەکانی ژیانیشی ئەو یەکێک لە نووسەر و خوێنەرە ڕاستەقینە و ڕاستگۆ و بەوەفاکانی پەیام بوو و، هەمیشە بە خەمی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوە و بەردەوامبوونییەوە بوو. لە وەخت و ناوەختدا، بە مەبەستی پشتگیری و دەستگیرۆییکردن، لە کاروبارەکانی دەپرسینەوە و بەپێی تواناش بە دەنگمانەوە دەهات و سەردانی بۆ هەر قوژبنێکی ئەم جیهانەش بکردایە،



لەگەڵ خۆیدا چەند بەشداری و ئابوونەی ساڵانەی بۆ (پەیام) پەیدا دەکرد و ئەرکی خەرجیی پۆستی ٢٠ ژمارەی پەیامیشی دەگرتە ئەستۆی خۆی و بە چەندان وڵاتی جیاوازدا بە دەستی کوردانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستانی دەگەیاند.

ئێمە لەگەڵ ناردنی پرسەی سەرخۆشیماندا بۆ بنەماڵە و دۆست و ئازیزانی مامۆستا کەریمی حسامی، دڵی پڕ لە کەسەری خۆمان بەوە دەدەینەوە کە دەنگ و ڕەنگی ئەو تا سەردەمانێکی دوورودرێژ بە زیندووی لەنێوماندا دەمێننەوە و هەروەها لە یەزدانی گەورەش داواکارین بەهەشتی بەرین بکات بە دواهەوارگەی.

**دەستەی نووسەران و کارگێڕانی پەیام**

# نابێت تیرۆریزمی ئیسلامی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان

پەیامنێری پەیام ـ لەندەن

دوای کارەساتی دڕندانە و تیرۆریستانەی «جند الاسلام» لە ئاوایی "خێڵی حەمە" و دەرپەڕاندنی ئەم تاقمە تیرۆریست و مرۆڤکوژانە لە شاری هەڵەبجە و دەوروپشتی، کە ١١ ساڵە لەژێر چەپۆکی بێڕەحمانەی سەرلێشێواوانی بەناو بزووتنەوەی ئیسلامی و «جند الاسلام»دا دەناڵێنن و هەموو مافێکی شارستانی و مرۆڤایەتییان لە خەڵکی ناوچەکە زەوت کردبوو، دەنگی نارەزایی و تووڕەبوون و خۆپیشاندان لەلایەن خەڵکی کوردەوە بەشێکی زۆری شارەکانی کوردستانی گرتەوە، هاوکات لە دەرەوەی وڵاتیش خەڵکانی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز، پشتیوانیی خۆیان بە کۆڕ و کۆبوونەوە و بانگەواز و نامەی نارەزایی دەربڕی دژی ئەو ڕەفتارانەی جەللادەکانی بەناو جند الاسلام و قەسابەکانی ئەم تاقمە کە لە ئاوایی "خێڵی حەمە" ڕۆژی ٢٣ی سێپتەمبەر بەرانبەر خەڵکی ناوچەکە و پێشمەرگەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیادەیان کرد.

لە ئەنجامی ئەو کارە دڕندانەیەی «جند الاسلام»دا، کە هەنووکە بە فشاری جمهوریی ئیسلامیی ئێران دەیانەوێت دەسەڵاتی خۆیان بگێڕنەوە بۆ ناوچەکە، خەڵکی ئازادیخوازی شاری سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان لە گەورەترین خۆپیشاندانداندا ڕایانگەیاند کە نابێت جارێکی تر تیرۆریزمی ئیسلامی

ل٤